کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-8-2007 2:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کەرکوک بێ (ئازاد) ە ... عەبدوڵڵا کەریم مەحمود**

ئەوە نۆزدە ساڵە، ڕۆحی ئازادەکەی کەرکوك بەئارامیی لەلوتکەی قەندیلەوە دەدات لەشەقەی باڵ و دەگاتە بابەگوڕگوڕ، دواى هەناسەی تەمی ناکامی بەرەو قوڵایی چاوە شینەکانی ئاسمان بەرز دەبێتەوەو لەبالآی کەرکوك ون دەبێت. ئەو بیست و یەك ساڵی یادەوەرییەکانی تەمەنی لەگەڕەکە میللییەکانی ئەم شارەدا تۆمارکرد، سیانزە بەهاری تەمەنی بەخشی بەپێشمەرگایەتی و شاخ، دواهەناسەکانیشی بەنیشتمانەکەی سپارد سروشتی یادەوەرییەکانی نیشتمانەکەمان پڕە لەمەرگەساتی تاڵ ناسنامەی دیمەنەکانی منداڵی ئازاد- ی ئیمام قاسم و ئیسکان و پێشمەرگایەتی و گیتارە بێ نازەکەی و عەشقی بێ سنوری ئازاد بۆ شنۆ ئەو فیلمە نوێیەیە مەگەر بەهمەنی قوبادیی بتوانێ تۆماری بکات. ئەو هەمان بەهای ڕۆح و بیروبۆچووی وردو قوڵ و هەناسەی ئارامی شاسوارەکەی سلێمانی بوو، ئارام و ئازاد دوو مەسیح-ی نیشتمانێکی سەربڕاوبوون، ناویان بووە


**ئازاد هەورامی سەرکردەو هونەرمەند و پێشمەرگەیەکی خاکی**

وێردی سەرزمانی خەڵك و پێشمەرگە، ئێستاش ئارامگای ئارام و ئازاد پیرۆزترین سوێندی ناخ و سەرزمانی ویژدانە زیندووەکانە. ئەو ڕۆژەم لەیادە لەگەڵ پێشمەرگەیەکی هاوڕێم لەمێولآکەوە ڕوومانکردە هەڵەدن، بەژێر سێبەری بالآی شۆڕە چنارەکاندا شۆڕبووینەوە، شنەی باکە شەپۆلی گەلآو بالآی چنارە بەرزەکانی دەلەراندەوە، گەیشتینە بن کەپرە گەورەکەی بارەگای دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵە، دەمزانی کاك ئازاد چ کەسێتیەکی بێوێنەیە، نووسینەکانیم خوێندبووەوە، دڵم بەوەدەکرایەوە ئێستا سەرکردەیەکی پڕ لەئەخلاقی سیاسی مەزن دەبینم، لەو بیرکردنانەوە دابووم، پێشمەرگەیەك بەدۆلکەیەك ئاوی ساردەوە بەخێرهاتنی کردین، دواى تاوێك بەچپە بەهاوڕێکەم وت: کوا کاك ئازاد هەورامی ئەویش وتی: ئەم مرۆڤە متوازعەی تاوێك لەمەوبەر دەروونی فێنك کردینەوە کاك ئازادی لێپرسراوی دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵەبوو. لەودەمەوە چەندانجار لەگەڵ کاك ئازاد لەهەڵەدن، چالآوا، بەرگەڵوو دەدواین، دەمزانی ئازاد-ێکی تری وامان نییە ئێوارەیەکیان من و هاوڕێ نەریمان دەمانوویست لەئیزگەی گەلی کوردستانەوە لەبەرگەڵووەوە بگەڕێینەوە بۆ هەڵەدن، لەوکاتەدا کاك ئازاد-یش گەیشتە ئیزگەو پێکەوە گەڕاینەوە، باڵی تاریکایی بەسەر چیاو دۆڵەکان وڕێگاکەمان داکشا، بەدرێژایی ڕێگاکە باسی موزیك و ئەدەب و دنیای پڕ لەڕۆمانسییەتی جوانی سروشت و پێشمەرگایەتی بۆ کردین. ئازاد-ەکەی کەرکوك، پێشمەرگەو هونەرمەندو سیاسەتمەدارێکی قوڵ و وردو سەرکردەیەکی بەوەفابوو هەنگاوەکانی شاسواری تەواوکرد، دواى ئەو کێ لەکەرکوك بەهەمان هەناسەو ڕۆحی متەوازعانەی دوور لەنەرجسیەت، بەئەمەك وەفاوە دەتوانێ درێژە بەهەنگاوەکانی ئەو بدات و ببێ بەوێردی سەرزمانی خەڵك هاوکێشەکان بەجۆرێك گۆڕاون، ئەوسا ئەوسابوو، ئێستاش ئێستا، ئازاد وەك مەسیح پێشمەرگەبوو، وەك مەسیح شۆڕشیکرد، هەڵوێستەکانی ئازاد مەیسح ئاسا پڕبوون لەئاشتی و خۆشەویستی مرۆڤ، وەك مەسیح لەخاچ دراو بەدەم ئازارەکانییەوە سروودی بۆ ژیان دەوت، ئەوە (19) ساڵە کەرکوك بێ مەسیحە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.